# میتۆدی گومان لە فەلسەفەی دیکارت

## پڕۆژەی دەرچوون

پێشکەش بە بەشی (فەلسەفە) کراوە. وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس


ئامادەکراوە لەلایەن

ناوی قوتابی: کەیوان عمر

بەسەرپەرشتی مامۆستای سەرپەرشتیار

م. هەژان مەلا حمدامین


(٢٠٢٣ – ٢٠٢٤)

# پێرست


پوختە.......................................................................................................2

پێشەکی.....................................................................................................3

دەروازەی تیۆری.........................................................................................4

پێناسەی چەمکەکان......................................................................................5

بەشی یەکەم :رەهەندی مێژووی میتۆدەی گومان.............................................7

تەوەری یەکەم :گومان لە فەلسەفەی کلاسیک.................................................7

تەوەری دووەم :چەمک ومیتۆدەی گومان لەسەدەکانی ناوەراست (غەزالی)و(ئۆگستین)...........11

بەشی دووەم :چوارچێوەی فەلسەفەی دیکارت..................................................14

تەوەرەی یەکەم: سەربردەیەک لە فەلسەفەی دیکارت.........................................14

تەوەری دووەم: گومان وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دڵنیای.............................17

بەشی سێیەم ساغکردنەوەکان لەرێگەی گومانەوە................................................20

تەوەری دوو :کاریگەری دیکارت.....................................................................26

ئەنجام.......................................................................................................28

لیستی سەرچاوەکان.......................................................................................29

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(میتۆدەی گومان لە فەلسەفەی دیکارت) لە پێشەکیەک وچوار بەش و ئەنجامێک پێک دێت، هەر بەشێک لە ئامانج و مەبەستەکانی بە شێوازی شیکاری ڕوون دەکەینەوە لە بەشی یەکەمدا پرسیار و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەمان ڕوون کردووەتەوە، لەگەڵ ناساندنی چەمکەکان بەشی دووەم گەڕاوینەتەوە بۆ مێژووی گومان هەر لە یۆنانەوە تاکوو سەدەکانی ناوەڕاست بە هەڵوێستی پیرۆن و غەزالی و ئۆگستین بابەتەکەمان پشتڕاست کردووەتەوە.

بەشی سێیەم ناساندنی دیکارت و فەلسەفەکەی هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ بەکارهێنانی گومان بەشی چوارەم لێرەدا ڕەواندنەوەی گومان و ساغکردنەوەی بوونی خود و خودا و جیهان دواتر کاریگەری دیکارت لەسەر فەیلەسووفانی دوای خۆی

## پێشەکی

دیکارت ئەو زاناو بیرمەد وفەیلەسوفە بوو ،کە توانی لەسەر دەمێکی تاریکدا ببێتە ئەو رووناکییەی کە دووبارە چرای ئەقل دابگیرسێنێت سەنتەرو ڕۆلی ئەقل بەرزبکاتەوە بەشێوەیەک کە سەردەمەکەی لە قۆناغێکەوە بپەرێنێتەوە قۆناغێکی نوێی بیرکردنەوەو ئەقلانیەت ، ئەمەش بەهۆی ئەو میتۆد و رێبازەی کە دایمەزراند. نوسین و بەرهەمەکانی دیکارت جیاواز لە زۆربەی فەیلەسوفان زۆر روون ورەوان و دوور لەتەم و مژاوی نوسراون بێ گرێ و گۆلن ،هەموو کەسێک دەتوانێت لێی تێبگات. دیکارت ئەقلی کردۆتە پێوەری زانینی هەموو شتێک ؟ ئایا ئێمە دەتوانی لەرێگەی ئەقلەوە پەی بە دلنیای ببەین ؟ یاخود ئەقلی مرۆی سنوردارە؟ چۆن دەتوانین گومان وەک و میتۆدەو رێبازێک بەکار بێنین بۆ دوور کەوتنەوە بیروو بۆچونی هەلەو ناراست و گەیشتن بەدلنیای ، یاخود پێویستە دوور بکەوینەوە لە گومانکاری باوەر بەهەموو ئەوشتانە بکەین کە لەدەرەوەی خودی خۆمان بۆمان دێت و پێمان دراوە گومانکردن کارێکی بێ هودەیە ،ناتوانێت بە هیچ شتێکمان بگەیەنێت ، بەلام ئەگەر گومان نەکەین چۆن دەست بکەین بە پرۆسەی بیرکردنەوە بتوانین راست وناراست لەیەکتری جیابکەینەوە؟ یاخود ئەگەر گومان نەکەین وخۆمان لە گومان بەدوور بگرین چۆن دەتوانین بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی رەخنەگرانە بنیات بنێین یاخود هزرێکی نوێ دروست بکەین و پیشبکەوین ،بە دووبارە وتنەوەو باوەر هێنان بە هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر بۆمان هاتووە جا لە هەر ڕێگایەک بێت دەتوانین ریفۆرمخواز بین ؟ ئایا دەتوانین بەبێ ئەوەی گومان لە شتەکان بکەین بتوانین فەلسەفە کار بین و بیرکردنەوەی فەلسەفیمان هەبێت.

## دەروازەی تیۆری

### میتۆدی توێژینەوە

لە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدەیەک هەیە ، هەربۆیە لەم توێژینەوەدا هەولم داوە پشت بەبەستم بە میتۆدەی شیکاری و لە هەندێک تەوەری سەرەتادا پشت بە میتۆدەی مێژووی ببەستم.

### پرسیارەکانی توێژینەوە

یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی توێژینەوەی فەلسەفی دارشتنی کۆمەلێک پرسیارە ،بێگومان لەچواچێوەی ئەم توێژینەوەدا هەولم داوە هەندێک پرسیار بخەمەروو ،ئایا گومان دەتوانێت بمان گەیەنێت بە دلْنیایی مەبەست لە بەکارهێنانی گومان لای دیکارت چی بووە ئایا گومان ئامرازە یاخود ئامانج لای دیکارت.

### گرینگی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەک کە ئەنجامدەدرێ گرینگی وتایبەتی خۆی هەیە ئەم توێژینەوەیەش گرینگی خۆی هەیە وەک هەموو توێژینەوەکانیتر، ئەم توێژینەوەش چەند تایبەتمەندیەک لە خۆ دە گرێت وەک شیکردنەوەی گومان و چۆنیەتی دەرکەوتنی لە فەلسەفەدا، هەروەها دیکارت چۆن گومانی بەکار هێناوە وەک و میتۆدەیەک ریباز وریگای تایبەتی پێبەخشیوە هەتاوەک و ئێستاش گرینگی خۆی ماوە بۆ رزگار بوون لە بیروو بۆچونی هەلە و ناراست کە لە هەرسەردەمێک و کۆمەلگایەک خالی نیە لەو شتانە

زیاتر فراوانکردنی کتێبخانەی کوردی.

### هۆکاری هەلبژاردنی بابەت

وەک دەزانین دیکارت توانی گۆرانێکی ریشەی لە بیرکردنەوەی سەردەمەکەی خۆی دابنێت بەهۆی ئەو میتۆدەی بەکاریهێناوە بۆیە گومان هۆکارێکی بیرکدنەوەیە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لە دۆگمای و چەقبەستوی رزگار بکەین و گومان بە شێوازێکی میتۆدی گونجاو بەکار بهێنین تاک و زانین و دلنیای راست و دروست بەدەست بێنین لەرێگەی ژیرەوە ئارامی و رەواندنەوەی گومان کە ئەمەش ئەو شتەیە کە کەسانی خاوەن بیرو هۆش وێلن بە شوێنیدا.

**پێناسەی چەمکەکان**

**کۆجیتۆ**/Cogito

یەکەمین ڕاستییە کە هزر دوای ئەوەی گومان لە هەموو شتێک تەنانەت لە بوونی خۆشی دەکات دەیدۆزێتەوە ،ئەوە دەگەیەنێت کە من هەرچەند گومان لە دەوروبەری خۆم بکەم ناتوانم گومان بکەم لەوەی من بیر دەکەمەو چونکە گومان خۆشی جۆرێک لە بیرکردنەوەیە کەواتە چونکە من بیر دەکەمەوە من بوونەوەرێکی بیرکەرەوەم من هەم وەک ئەوەی کە گەوهەرێکی بیرکەرەوەم لێرەوە ئەو گومانە خۆی دەبێتەوە هۆی سەلماندن و پەیپێبردن)(دیکارت.٣٣٧:٢٠١٥) دەستەواژەی "من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم" لێدوانێکی فەلسەفییە کە لەلایەن ڕێنی دیکارتەوە داڕێژراوە. توخمێکی بناغەیی فەلسەفەکەیە تی

**گومان** / doubt

وەک تیۆرێک لە زانین مەبەست بریارنەدانە لە بابەتێک کە بەهای راست وهەلە بە هەمان هێز لەخۆ بگرێت)(حوسێن،٣٩:٢٠٢٢) گومان بریتییە لە هەستکردن بە نادڵنیایی یان گومان لە ڕاستی یان متمانەپێکراوی شتێک.

**ژیرەکی**/ rationalism

لە مەعریفەتناسیدا بە تیۆرییک دەوترێت کە بە پێی ئەو حەقیقەتەی لەزەینەوە دەست پێدەکات وبەزەین کۆتای دێت )(کلاین،٢٣١:٢٠٢٠)

ژیرەکی باوەڕێکی فەلسەفییە کە ئەقڵ و لۆژیک سەرچاوەی سەرەتایی زانین و تێگەیشتن بن. ژیرەکیەکان دەڵێن دەتوانرێت زانین لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ژیر و هەلێنجان بەدەستبهێنرێت، نەک پشت بە ئەزموونی هەستەکان ببەسترێت. ئەوان پێیان وایە مرۆڤ توانای زگماکی بۆ هەلێنجان هەیە و دەتوانرێت زانین لە ڕێگەی هێزی ژیر بدۆزرێتەوە.

**نازانمگەرای** /agnosticism

هەلوێستێکی فەلسەفیە کە پێی وایە بوون یان نەبوونی خودا جێگەی گومانە، ئەو ئاراستە فەلسەفیانەیە سەرەرای دانانیان بەبابەتی بوون و واقعیەتی جیهاندا ناسینی بەشێکی یان هەمووی بە ئەستەم دەزانن)(کلاین،٢٠٢٠:٢٣٢) ئاگنۆستیزم ئاماژەیە بۆ ئەو باوەڕە کە بوونی هێزێکی باڵاتر، وەک خودایەک یان خوداوەندێک، نادیارە یان نازانرێت. ئەگنۆستیکەکان جەخت لەوە ناکەنەوە کە دەسەڵاتێکی باڵاتر بوونی نییە، بەڵکو زیاتر جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە ڕێگەی بەڵگەی ئەزموونی یان لۆژیکییەوە ناتوانرێت بسەلمێنرێت یان پووچەڵ بکرێتەو

**زانین** / knowing

بریتییە لە وێناکردنی زانراو لە ناخی زانەردا یان بریتییە لە دەرکپێکردنی فورمی شتەکان و بونەوەران وەک ئەوەی هەیە، وەک خۆی.یان بریتییە لە درکپێکردنی بابەتی تایبەت و سادە بە هۆی بەلگەوە یان بەبێ بونی بەڵگە.هەروەک دەبینین(بێرتراند ڕسل) بەم جۆرە پێناسەی زانین دەکات و دەڵێت:بریتییە لەو میتۆدانەی،کە بۆ وەڵامدانەوەی دەورووبەر بەکادێن.(حسێن،٢٠٢٢: ٦)

**بەشی یەکەم :ڕەهەندی مێژووی میتۆدەی گومان**

**تەوەری یەکەم :گومان لە فەلسەفەی کلاسیک**

گومان و گومانکردن لە تایبەتمەندیە کانی سروشتی مرۆڤن کە پەیوەستە بە هۆشیاری مرۆڤەو،گومان یەکەمین دوخی هەلویستە کردنە  یاخود وەستان لەسەر زانینی شتەکان ، ( مرۆڤ لەئەنجام و لەکاتی سەرهەلدانی ئەو هۆشیاریەوە گومان لە شتێک وگوتەیەک و رەفتارێک دەکات کە بۆ ئەقل شیاوی دەرککردن نیە ) ( ڕسیوەیلی ، ٢٠٠٩ : ٥٥ ) گومان ئەزموونێکی سروشتی و باو بۆ مرۆڤە. دەکرێت لە بارودۆخ و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا سەرهەڵبدات، وەک ئیمان، زانست، پەیوەندییەکان و بڕیاردان. گومان دەتوانرێت هەم وەک هێزێکی ئەرێنی و هەم وەک هێزێکی نەرێنی سەیر بکرێت، ئەمەش بەندە بە چۆنیەتی نزیکبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و گوماندا، گومان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت. هانی تاکەکان دەدات بۆ پرسیارکردن و لێکۆڵینەوە لە بەڵگە، ، یان ئارگیومێنتەکانی پشت بیروباوەڕ یان ئەوشتانەی دەوترێت . گومان تاکەکان پاڵدەنێت بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی و لێکۆڵینەوەی زیاتر و بیرکردنەوە لە دیدگا بەدیلەکان. ئەم پرۆسەیە دەتوانێت ببێتە هۆی تێگەیشتنێکی قووڵتر و دروستبوونی بیروباوەڕی ئاگادارتر.وە لە بەدواداچوون بۆ ڕاستی و زانین. مرۆڤ لەوکاتەی گومان دەکات مەرج نیە گومانکاری بێت چونکە گومانکاری بریتیە لە بەرزکردنەوەی گومان  و دودل لە ئاست و ویژدان و وردبونەوە بەرەو هزرێن و هۆشەکی ، بەلام فەیلەسوفان بەجۆرێک گومان دەکەن خەلکی ئاسای گومانی لێناکات (گومان لە فەلسەفەی یۆنانیدا نوێ نییە و لەکۆندا پارمەنیدس مەعریفەی هەستی تۆمەتبار کرد هەروەها شوێنکەوتوانی هێراکلیتس مەعریفەی ئەقلیان تۆمەتبارکرد سۆفستاییەکان جیاوازی ڕێباز و رەوشت و نەریتەکانیان کردە بیانویەکی بەهێز بۆ گومان)(کەرەم.٢٠٢١:٤٣٣)هەندێک لە فەیلەسوفان هەستەکان ڕەت دەکەنەوە لە گەیشتن بەزانینی راستەقینە و دلنیای لێکراو،  بەلام هەندێکی تر ڕۆلی ئەقل ڕەت دەکەنەوە .گومان بەشێوەیەکی جیاواز لەمێژوی فەلسەفەدا دەرکەوتوە لەوانە (هیراکلیتۆس) پشت بەهەستەکان دەبەستێت هیچ شتێک نیە لەدەرەوەی گۆڕان بێت ، هەمووشتێک دەگۆڕێت، بەلام( پارمەنیدس) گومان لەهەستەکان دەکات وە پێی وایە ئەقل پێوەرە بۆزانین.

بەلام (گۆرگیاس) توانای مرۆڤ لەزانین بە هەستەکان ڕەت دەکاتەوە دەلێت:(هیچ شتێک نیە ئەگەر شتێک هەبێت  ناتوانیرێت بزانرێت ئەگەر ئەو شتە بزانرێ ناتوانرێ لە خەلکێکی تر بگەیندرێ)(عزیز، ٢٤:٢٠٠٨) هەروەها ئەفلاتوون لەو باوەرەدا بوو(ئەقل وەک ئامرازێک وایە کە بەهۆیەوە مرۆڤ بە مەعریفەی راستە قینە واتە بە وێنە نەگۆرەکان یان چیەتی شتەکان دەگات)(سیوەیلی،٣٨:٢٠٠٩)  بۆیە هەستەکان لە گەیشتن بە زانین رەت دەکاتەوە و دەلێت سوکرات ئەگەر نەخۆش بێت شەراب لەدەمیدا تالە ئەگەر ساخبێت ئەوا هەست بەتامی خۆشی و شیرینی شەراب دەکات،   فەلسەفە چەند رەوتێکی گومان کاری بەخۆیەوە بینیوە لەوانە  (گومانی رەها) و (گومانی میتۆدی)

**١-گومانی رەها**

ئەم  رەوتە دەرکەوتن کە گومانیان گەیاندە ئەوپەری بەهێزی و کردیانە ریبازێک  کە ئەم ریبازە(هەست و ئەقل ڕەت دەکەنەوە لە پرۆسەی بەدەست هێنانی زانین وەک لای فەیلەسوفی گومان بیرۆن دەردەکەوێت کەبەگومانی ڕەها ناسراوە)(حوسێن،٢٠٢٢: ٤٠) کەقوتابخانەی گومانگەرایان پێیان وایە ئێمە لەڕێگەی هەستەکانەوە دەزانین هەستەکانیش هەلخەلەتێنەرن بۆیە بەهیچ جۆرێک جێگای متمانە نین، وەهەروەها هەموو شتێک جێگای گومانەو دلنیایی بوونی نیە گومان لەپێناوی گوماندا دەکرێت، بۆیە واباشترە بڕیار لەسەر هیچ شتێک نەدەین ،لەبەر ئەوە نە هیچشتێکیی دەسەلماند وە هەروەها رەتیشی  نەدەکردەوە، بەلک و دەیوت :نازانم . (بیرون لە بارەی هەموو شتێکەوە گومانی هەبوو جگەلەیەک شت نەبێت ئەویش خودی گومان بوو)(میهرەین،٧٧:٢٠٢٢) بۆیە هەموو ئەوەی ئێمە وادەزانین دەزانین تەنیا بیروو باوەرە، کارێک لەوەیە لە شوێنێک ئەخلاقی بێت و لە شوێنێکی تر هەمان شت بکەی نائەخلاقی بێت ،یەک شت هەندێک جار خێر دەبێت و هەندێک جار شەر ،راستی هیچ بۆ ئێمە دەرناکەوێت بۆیە گێلانەیە مناقەشە کردن لەدژی کەسێکی تر ،پێویست ناکات لە هیچ شتێک بترسین چونکە لەوەیا لە تاریکیدا پشیلەمان لێ ببێت بە گورت  یاخوت خشەی گەلامان لێ ببێتە دەنگی کەسێک ،هەروەها پێویست ناکات خەفەت نە بۆ رابردوو نەبۆ داهات و بخۆین ئارەزووە کان هەموویان خەیالن ،مردنیش هی ئەوە نیە لێی بترسین چونکە ئێمە هیچی لەبارەوە نازانین بۆیە

نه راستی  ژیان روونه نەراستی مەرگ هیچیان روون نیە بۆمان ، زانستی دلنیا کەرەوە بەدەستنایەت و هیچ جۆرە بەلگەیەکی مەنتقی و زانستی ناتوانن هیچ بسەلمێنن ،نە هەستەکان و نە ئەقل هیچکامیان ناتوانن زانستی دلنیا کەرەوەمان بدەنێ

**٢-گومانی میتۆدی**

فەیلەسوفانی ئەم رەوتەی گومان بە پێچەوانەی گومانی رەها وە گومان وەک میتۆدەیەک بەکارهێناوە تا لە رێگەیەوە بگەنە زانینێکی دلنیا لێکراو ،لەو بروایەدان مرۆڤ لەتوانایدا هەیە بگات بە زانین، میتۆدەی گومان بریتیە لەمیتۆدێک لەسەر ویستی مرۆڤ وەستاوە بەمەبەستی خاوێن کردنەوەی زەینی مرۆڤ لەبەر ئەوەی ناکەوێتە ژێرکاریگەری هیچ بیروبۆچونێک (گومانەکەلە خۆیدا میتۆدە بۆ ئامانجەکیە هیچ دل کرمبونێکی بەدوادا نەهاتوە بەلکو ئامرازێکە بەهۆیەوە دەیەوێت بگات بە قۆناغێک هەموو ئەگەرو گومانێک برەوێنێتەوە بنەمایەکی پتەوی دڵنیایی بوون دابین بێت) ( عزیز حەمید ،٢٠١٦: ٥٢ )

گومانی میتۆدی ڕێبازێکی فەلسەفییە کە بریتییە لە پرسیارکردن و شیکردنەوەی سیستماتیکی بیروباوەڕ و گریمانەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕاستی و ناراستی جیابکاتەوە..مەبەست لە گومانی میتۆدی دوورکەوتنەوەیە لە قبوڵکردنی کوێرانەی زانیاری لەسەر بنەمای دەسەڵات یان نەریت و لەبری ئەوە، پەرەپێدانی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەیی کە پشت بە بەڵگە و بیرکردنەوەی عەقڵانی ببەستێت. بە گومانکردن و پرسیارکردن لە بیروباوەڕەکانمان، دەتوانین هەر کەموکوڕییەک، لایەنگرییەک، یان ناتەباییەک کە لەوانەیە هەبێت، دەستنیشان بکەین.ئەم ڕێبازە جەخت لەسەر گرنگی پشت بەستن بە سەرچاوە متمانەپێکراوەکانی زانیاری و پشکنینی بەڵگەکان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و ڕەچاوکردنی دیدگا بەدیلەکان دەکاتەوە. یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ جیاکردنەوەی زانیارییە جێی متمانە و دروست لە زانیاری هەڵە یان بۆچوونی بابەتیی.ئامانجی کۆتایی گومانی میتۆدی ئەوەیە کە بگاتە زانیارییەکی دروست و پشتڕاستکراوە کە دەتوانرێت متمانەی پێ بکرێت. بە خستنەڕووی بیروباوەڕەکانمان بۆ لێکۆڵینەوە و گومانێکی توند، دەتوانین زانیاریی درۆ یان متمانەپێنەکراو

دەستنیشان بکەین و فرێی بدەین، بڕیاری ئاگادارانەتر بدەین و بەشداری بکەین لە پێشخستنی زانین و تێگەیشتن.

لە گومانی میتۆدی مرۆڤ کار لەسەر بابەتەکەدەکات وەک ئەوەی هیچ دەربارەی نەزانێت بەم شێوەیە مرۆڤ کەمتر بەرەو هەڵە دەبات ئەم میتۆدەش وەک ئامرازێک بەکار دێت نەک وەک ئامانج گومانی میتۆدی بە گومانەوە دەست پێدەکات بە دڵنیای کۆتای دێت بە پێچەوانەی گومانی ڕەها کە هەر بە گومانەوە دەست پێدەکات و بە گومانەوە کۆتای دێت یەکێک لەو فەیلەسوفانەی ئەم میتۆدەی بەکار هێناوە ئەویش دیکارت بوە . دیکارت لە دەست پێکی کۆششە زانستە فەلسەفیەکانی دا هەولی داوە ڕەنگ و وێنەی جیهانێکی میکانیکی دابڕێژێ . دیکارت بنەما مەعریفەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەم میتۆدە داڕشتوە پێی وایە زانست بەتەواوەتی لە ڕێگەی ئەقلەوە دەبێت دیکارت دەڵێت (وەک کەسێک بە تاریکی ڕێبکات بریارم وایە بە هێواشی ڕێبکەم هەموو شتێک بپشکنم بۆ ئەوەی گەر زۆر کەمیش بۆ پێشەوە برۆم خۆم لەکەوتن بپارێزم ) . ( دیکارت،٢٠١٥ : ١٠٢ )

**تەوەری دووەم :چەمک ومیتۆدەی گومان لەسەدەکانی ناوەراست (غەزالی)و(ئۆگستین)**

**غەزالی**

ئەبوو حامید محمد(( ئەلغەزالی ))یەکێکە لە کەسایەتیە بەهێزەکان کە مێژووی ئیسلام بەخۆیەوە بینیوەتی وەک لەو نازناوەدا کە پێیدراوە دەردەکەوێت ئەویش (حوججەتولئسلامە)واتا(بەلگەی ئیسلام )

غەزالی لەسەردەمێک ژیاوە پربووە لە بیروڕای جیاواز و گروپی جیاواز کە هەریەکەیان خۆی بە نوێنەری راستی و یەقین دەزانن بۆیە سەرەتا بە ئەسپای کەوتە گومان کردن و ئەوەی بۆ دەرکەوت کە مرۆڤ لەرێگەی لاسای کردنەوەو ناتوانێت بگاتە دلنیای، نمونەش بە مندالی یەهودی دێنێتەوە کەلە رێگەی لاسای کردنەوەو فێرکردنەوە بونەتە یەهودی نەک خۆیان ئەوبریارەیان دابێت ،هەر بۆیە دەلێت: (گومانکردن رێگەی گەیشتنە بەهەقیقەت ئەوەی گومان ناکات بیرناکاتەوە و ناروانێت ئەوەشی ناڕوانێت رانامێنێ ئەوکەسەشی کە رانەمێنێ .ئەوا لەنەزانین وچەواشەیدا دەمێنێتەوە ،پەنا بەخوا لەم گومراییە) (ئازاد،٢٦:٢٠١٠)لێرەدا غەزالی گومان بە سەرچاوەی گەیشتنە هەقیقەت دادەنێت دواتر زیاتر نوقمی گومان دەبێت و پێوەری هەست و هۆشی خستە بەر رۆشنای گومان بۆ دۆزینەوەی خالە بەهێزەکان وهەلسەنگاندنیان ،گومان کردن وایلێکرد باوەری بەهەستەکان نەمێنتت بۆیە دەلێت چۆن بروا بە هەستەکان بکەم کاتێک ئەستێرە دەبینم لە ئاسمان بچوکە بەلام زانستی فەلەک ناسی سەلماندویێتی کە لە زەوی گەورەترە ،بۆیە ئەوە ئەقلە زانینی هەستەکانی رەت کردەوە ،بەلام ئایا ئەقل سەرچاوەی زانینی راستە قینەیە ؟ غەزالی دەلێت هەستپێکراوەکان دەلێن هۆی چیە متمانەت بە ئەقلیەکان هەیە وەک ئەوەی متمانەت بە هەست پێکراوەکان هەبوو بەلام لەرێگای بریاری ئەقلەوە منت بە درۆ خستەوە ئایا نابێت دەسەلاتێکی تر لەسەرو ئەقلەوە کە ئەقل بەدرۆ بخاتەوە ؟ بۆیە لێرەدا غەزالی بەدوای رێگە چارەیەک دا دەگەرێ کە گومانەکانی برەوێنێتەوە ،بەلام ژیرو ئەقل نایگەیەننە

ئەو ئەنجامە بۆیە دەلێت: ( هەندێک جار شتێکت بەسەردا دێت کەوەک ئەوە وایە بەخەبەر بونەکەت نوستن بێت وە نوستنەکەشت بەخەبەر بون بێت ئەگەر ئەم رەوشەت بەسەرهات و دلنیا دەبی ئەوەی بەهەست و ژیر زانیوتە ئەندێشەی بێسودەو راست نیە) (غزالیی : ٥٨)بۆیە کاتێک خەوتوی چەند شتێک وێنا دەکەیت وادەزانی

راست وجێگیرو گومان هەلنەگرن بەلام دوای لەخەو هەلدەستیت و دەزانی ئەم شتانە هیچ بنەمایەکی نیە .بۆیە دواجار گومانەکەی غەزالی دەگاتە لوتکە ماوەی چەندین سال بەم کێشەیەوە خەریک دەبیَ، دواجار خالێکی وەچەرخان لە ژیانیدا رویداو کێشەی دلنیای فیکری بەشێوەیەکی واتوند خۆی بەسەر هۆش ویژدانیدا سەپاند کە گومانێکی توندی لە ناخیدا دروست کرد بەشێوەیەک چالاکی پیشەیی و ژیانی خێزانی پەکخست ،دواتر بۆ رزگار بون لەم تەنگەزەیەپێی وایە ئەو روناکیەی خودا دەیخاتە دلی باوەردارانەوە هەر ئەوە راستەقینەو سەرچاوەی هەموو زانینەکانە بۆیە دەلێت:( مەعریفەی راستەقینە ئەو مەعریفەیەیە لەرێیەوە.بابەتە زانراوەکە بەتەواوی ئاشکرا دەبێت بۆ (رۆح)بەشێوازێک نە هیچ گومانێک لەبارەیەوە دەبێت نەهیچ هەلەیەکیش لێلی دەکات ئەوە ئاستێکە تێیدا دل ناتوانێت گومان قبول بکات یان تەنانەت بیری

لێبکاتەوە)(کۆربین،٢٠١٨:٢٢٣) ئەو روناکیەی خودا دەیخاتە دلی باوەر دارانەوە دۆخێکە لە (ئیشراق)ی سۆفیەتی ،گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سۆفیەتی رێگای راستەقینە وگەیشتنە یەقینە و رێبازەکەیان باشترین و راسترین رێگایە

**ئۆگستین**

ئۆگاستینی پاک (٣٥٤-٣٤٠ز) رابەرێکی بەرچاوی ئاینی مەسیحیە لە سەدەکانی ناوەراست ، ئۆگستین لە کتێبی (دانپێدانانەکان) بە وردی ئەزموونی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێرێتەوە کەلەژیانیدا بەچەند قۆناغێکی بیکردنەوەی جیاوازدا تێپەریوە ، پێش مەسیحەت ماوەیەک پەیرەوکاری ئاینی مانی بووە (٩)سال لەگەل شوێنکەوتوانی ئەم ئاینەدا پەیوەندی هەبووە دواتر وازی لیَ هێناوە ، دوای خویندنەوەی کتێبێکت شیشرۆن بەناوی

وتارەئەکادیمیەکان (ئەنجارەیان ئەو کتێبە خستیە گومان و دودلیەوە لەو ماوەیەدا لەو بارودۆخەدا بوو لە ژێر کاریگەری دایکیدا مەیلی بۆ ئاینی کاسۆلۆکی جولابوو بەلام باوەرەکەی نەیدەتوانی کۆتای بە گومانەکەی بهێنێت ،تائەوەی خودا هەلی ناسینی هەندێک کتێبی ئەفلاتونیەت کەلە یۆنانیەوە بۆلاتینی وەرگێردرابوو)

(عبدولجبار،٢٠١٣:١١٨) ئەم جۆرە کتێبە ئەفلاتونیانە توانیان رێگای باوەرهێنان بە مەسیحیەتی بۆ بکەنەوەبەرەو رێگای یەقین (دڵنیای) پێشی وابوو نەک فەلسەفەی ئەفلاتوون دژی مەسیحیەت نیە بەلک و

هاوشێوەی یەکن ، ئۆگستین گومان بە پشت راست کردنەوەی بونی خود دادەنێ بۆیە دەلێت (ئەوەی گومان دەکات ناتوانێت حاشا لەوە بکات کە گومان دەکات ئەو گومان کردنەش خودێکی دەوێت کەگومانەکە دەکاتەوە کەوابو خۆی مرۆڤی گومان کار هەیەو بونی سەربەخۆی هەیە گومانکردنەکە راستی ئەو بریارە پشت راست دەکاتەوە)(عەزیز.٢٠١٣:١٢٦)

بەکارهێنانی گومان لە فەلسەفەی سانت ئۆگستین لە گەشتە فەلسەفییەکەیدا بەرەو دۆزینەوەی دڵنیای و تێگەیشتن لە سروشتی خودا و جیهان دەبینرێت. گومانەکانی ئۆگستین بە قووڵی لە ململانێ کەسییەکان و لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانیدا ڕەگیان داکوتاوە.یەکێک لە گومانە سەرەکییەکانی ئۆگستین، گومانەکانی بوو بەرامبەر بە متمانەپێکراوی هەستەکانی. ئۆگستین وەک دیکارت پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا دەتوانرێت هەستەکانی فریو بدرێن یان سەرچاوەی مەعریفەی باوەڕپێنەکراو بن. ئەم گومانە وای لە ئۆگستین کرد کە بەدوای بناغەیەکی دڵنیاتردا بگەڕێت بۆ زانین کە نەتوانرێت بەهۆی بێ متمانەیی هەستەکانەوە تێکبچێت.جگە لەوەش گومانەکانی ئۆگستینیش لە ژێر کاریگەری ململانێی ئەو لەگەڵ کێشەی خراپە و بوونی خراپە لە جیهاندا بوو. پرسیاری ئەوەی خستەڕوو کە بۆچی خودایەکی خێرخوازی و هەموو تواناکان ڕێگە بە بوونی خراپە دەدات؟ ئەم گومانە وایکرد ئۆگستین بەدواداچوون بۆ ڕوونکردنەوە فەلسەفی و تیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان بکات بۆ بوونی خراپە،.جگە لەم گومانانە، ئۆگستین لەگەڵ پرسیارە فەلسەفییەکانیشدا خەباتی دەکرد سەبارەت بە سروشتی کات و هۆکارگەرایی و نامادییەتی ڕۆح. گەشتە فەلسەفییەکەی بریتی بوو لە پرۆسەیەکی بەردەوامی گومانکردن و پرسیارکردن و گەڕان بەدوای وەڵامدا.

**بەشی دووەم :چوارچێوەی فەلسەفەی دیکارت**

**تەوەرەی یەکەم: سەربردەیەک لە  فەلسەفەی دیکارت**

(ڕێنێ دیکارت ( کارتێسیوس )( ٣١ی مارس ١٥٩٦ )لە لاهای دێتە ژیانەوە لە ساڵی( ١٦٠٤ – ١٦١٢)لە کۆلێژی یەزوورییەکان لە لما فلێش فێرخوازدەبێ پاشان لە زانکۆ یاساناس تەواودەکات دیکارت لە ساڵی ١٦١٨ دەبێ بە سەرباز و لە جەنگدا بەشداری دەکات لە ساڵی( ١٦٢٥)دەڕوات بۆ پاریس و لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ دەژی لەم کاتە بەدواوە هەتا ساڵی( ١٦٤٩ )لە هۆڵەندا دەژی، وە ژیانی بۆ کاری فەلسەفی تەرخان دەکات لە ساڵی( ١٦٤٩ )کریشنەی شاژنی سوید بانگی دەکات بۆ کۆشکی سویدی و لەوێ پاش ماوەیەکی کورت لە ١١/٢/١٦٥٠ دەمرێ / )(کاوە ،٢٠٠٨ : ٢٢٠.)

(ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی هێگڵی گەورە لەبارەی دیکارتەوە دەڵێت دیکارت دەستپێکی ڕاستەقینە فەلسەفەی نوێیە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە فەلسەفەدا کردووە وە قۆناغێکی نوێی لە فەلسەفەدا دەستپێکردووە،) (عزیز ، ٢٠١٤ : ١٥٥ )مەبەستی هیگڵ لێرەدا ئەوەیە کە ڕێچکەی  چەقبەستووی  لە بڕۆسەی باوی فەلسەفەی پێش خۆی شکاندووە، دیکارت بە  رابەرو بەدیهێنەری فەلسەفەی نوێ ناسراوەو هەروەها بە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئەقڵانییەت دادەنرێت، کە بەهۆی مێتۆد و تیۆرییەکانی ئەوەوە سەری هەڵداوە، دیکارت بەهۆی ڕوانگەی شۆڕشگێڕانەی لە تیۆری زانین و واقیعدا بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن دادەنرێت، هەوڵیدا بناغەیەکی نوێ بۆ فەلسەفە دابین بکات کە پشت بە عەقڵ و ئەزموونی تاکەکەسی ببەستێت، نەک دەسەڵاتە تەقلیدیەکان.یەکێک لە بەشدارییە هەرە دیارەکانی دیکارت، شێوازی گومانکردنیەتی. ئەو دەیگوت :«بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە زانیارییەکی دیاریکراو، دەبێت گومان لە هەموو ئەو بیروباوەڕانە بکات کە دەتوانن گومانیان لەسەر بێت». بەم کارە ئامانجی ئەوە بوو کە ڕاستییە کان ئاشکرا  بکات،بەوەی بیروبیرکردنەوەی کردووە بە بنەما ، بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لە سەردەمی ئەودا هەمیشە دەوروبەر و سروشت کراوە بە بابەتی سەرەکی وە بەڵگەی بوونی ڕەب و خودی مرۆڤ ا، دیکارت کۆمەڵە شتێکی پەیپێبردبوو کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی سەردەمەیکەیدا نەدەگونجا ئەوەشی دەزانێ کە گالیلۆ لەلایەن ڤاتیکانەوە تاوانبارکراوە بۆیە بە

دۆستەکانی دەڵێت ( من نامەوێت لە پێناو ئایدیاکانما قوربانی بە زیانی خۆم بدەم ). (سالح ، ٢٠١٧ :١٣٩)

دیکارت لە بارودۆخێکی سەختدا ژیانی کردووە چونکە ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە پیاوانی ئایینی و کڵێسە دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو بیروباوەڕە ئایینیەکانی خۆیان بەسەر هەموو شتێکدا دەسەپاند و ڕێگەیان بۆ بیرلێکردنەوە و گومانکردن نەدەهێشتەوە و ڕێگەیان پێنەدەدا ، بۆیە ناچاربوو فەرەنسا بەجێبهێڵێت و ڕووبکاتە وڵاتێکی لیبرالی وەک و هۆڵەندا ، دیکارت کۆمەڵە شتێکی پەیپێبردبوو کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی سەردەمەیکەیدا نەدەگونجا ئەوەشی دەزانێ کە گالیلۆ لەلایەن ڤاتیکانەوە تاوانبارکراوە بۆیە بە دۆستەکانی دەڵێت ( من نامەویت لە پێناو ئایدیاکانما قوربانی بە زیانی خۆم بدەم ). (سالح ، ٢٠١٧ : ١٣٩)وە لەبەرئەوەی هێشتا (٤٠)ساڵی تەواونەکردبوو وە تەواوی ئەو کارەی کە پێی هەستابوو مابوو تەواوی بکات و ئەگەر بکاوتایەتە ململانێ لەگەڵ پیاوانی ئایینی ئەوا نەیدەتوانی ئەو شتەی دەستی داوەتێ تەواوی بکات بۆیە دەڵێت ( هەندێ شت ڕێی چاپکردنیان لێگرتم ) (دیکارت ، ٢٠١٥ ، لا ٢٧٥ )هەوڵ دەدات بە نهێنی و هێواشی کارەکانی تەواو بکات . دیکارت بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت پەنای بردۆتە بەر بیرکاری لەبەر ئەوەی پێی وایە(لەو هەموو زانستەی تا ئێستا ناسراون ، تەنیا بیرکاری وئەندازیاری لە  هەر جۆرە مەبەستێکی هەڵە و گومان بەدوورن).( دان: ٢٣) دیکارت بنەماکانی بیرکاری بۆ دەرخستنی فەلسەفەکەی خۆی لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و  خودا و ئەو ماددانەی دەکەوێتە بەر هەستمان کەڵکی لە بەڵگاندنی پێوانەیی وەرگرت ، لەوسەردەمەدا کە بیرکاری بنەمای سەرکەوتنی زانست بووە ،دیکارت بۆ خۆی بیرکارێکی لێهاتوی سەردەمی خۆی بووە هەر لەبەر ئەوە پەنای بردۆتە بەر بیرکاری بۆ ئەوەی بنەمایەکی پتە و وگومان بەلنەگر بۆ فەلسەفە دابنێت هاوشێوەی بیرکاری ،بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر میتۆدەیەک کەبتوانێت بگاتە دلنیای راستی حاشاهەلنەگە کە سەرەتا بە گومان دەست پێدەکات ، ئەو میتۆدەیە نابێت ئامانجەکانی نەبن  بەرێگر لەبەردەم بریاردانی ئازادانەی ژیردا، بۆیە دیکارت شان بەشانی گالیلۆ هەولیدا  وێنەی جیهانێکی میکانیکی  دابرێژێت،بۆیەدیکارت دەلێت( سەرەتانامەکەم دەستپێکردبەنوسی هەندێک تێبینی لەسەر نوسراوەکانی گالیلۆ کەوای دەبینی هەتا بتوانێت خۆی بەدوور دەگرێت لە هەلەی قوتابخانە فەلسەفیەکان هەولدەدات لێکۆلینەوەی دیاردە سروشتیەکان بکات

بەپشت بەستن بە ڕێگاکانی بیرکاری ،لەوەیا بەتەواوی لەگەلیدا هاورایم چونکە من وابروادەکەم کەهیچ ڕێگەیەکیی تر نیە جگە لە بیرکاری بۆدۆزینەوە یراستیەکان)(کریم،٢٠٠١:٥٤) لایەنێکی تری فەلسەفەکەی دیکار کە بە دوالیزمی دوڕەنگی دیکارت ناسراوە، لەو بڕوایەدایە کە دوو جۆر جەوهەر هەن کە هەریەکە یان تایبەتمەندی خۆیان هەیە ئەو دوو جۆرەش نەفس ولەشە وە پەیوەندییەکی نێوان ئەم دوو جەوهەرە لە ڕێگەی ئەندامێکەوە کە دیکارت بە لوولەی سنەوبەری ناوی دەبات لێرەداا دیکارت کێشەیەکی پەیدا کردووە کە هەریەکە لە فەیلەسووفانی دوای خۆی بە خۆیەوە خەریک لەوانە سپینۆزە لای بنیتس کە بە کێشەی دیکارتی ناسراوە.

**تەوەری دووەم: گومان وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دڵنیای**

هۆکاری کەوتنە ناو هەڵە یان هەڵەکردن چییە ؟چۆن خۆمان بپارێزین لە هەڵەکردن چۆن بتوانین بە زانستێکی دڵنیای لێکراو بگەین دیکارت سەرچاوەی زانینی بۆ عەقڵ گەڕاندووەتەوە لەو بڕوایەدا بووە کە (ئەوەی مرۆڤ بە تێگەیشتنێکی ساغ و سەلیم یاخود بە ژیر ناوی دەبات لە سروشتەوە بە یەکسانی بە سەر مرۆڤدا دابەش کراوە )(دیکارت،٢٠٠٥:١٠٩) هەر لەبەر ئەوەشە کە ،(پشت ئەستور بەوەی ژیر –فام –لە جیهاندا بە دادپەروەری دابەش کراوە،زانینی راست و رەواو گومان هەلنەکرە دڵنیای لێکراو،ئامنجی سەرەکیە،بۆیە دەبێت لە فەلسەفە وزانستدا ،لەئەرک وچالای  توێژینەوەدا میتۆدەی راست ودروست بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی دەستە بەری زانینی راستەقینە ببیَ)(عزیز،٢٠٢٠١٦:١٠٩)ئکەوتنە ناو هەڵە و هەڵەکردن لە دیدی دیکارت لەوەدایە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی باش و ڕاست هزری بەکار ناهێنێت یان  وەک دیکارت خۆی لەم بارەوە دەڵێت (مرۆڤ هەر کاتێک عەقڵی خۆی لەسەر بنەمایەکی بێگەردی ڕوون و ئاشکایی بە کار هێنا وە دەتوانێت بگات بە حەقیقەت لەبەر ئەو بڕیارەکان و بۆچوونەکانەی خەڵکی جیاواز نابێت مەگەر تەنها لەو کاتە نەبێت کە عەقڵیان بە باشی بەکار ناهێنن بەڵام ئەقڵ تەنها تاکە شتێکە کە لەلای هەموویان هەیە)(عبدولجەبار،٢٠٢٠:٧٩) پاش ئەوەی دیکارت سەرچاوەی زانین دەگەڕێنێتەوە بۆ عەقڵ واتە عەقڵی مرۆڤ دەکاتە ئامرازی زانین کرداری عەقڵ بۆدەگەڕێتەوە بۆ دوو کردار کە بە بڕوای دیکارت هەموو کردارێکی ژیر دەمانگەیەنێتە زانین و وە یارمەتیمان دەدات نەکەوینە ناو هەڵە و هەروەها ترسمان  نەبێت ، دوو کردار بۆ هاتن و هەڵێنجان ئێستا با بزانین بۆهاتن و هەڵێنجان چییە و لێرەدا ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی پێناسەکەی کورت و پوختبوارێکیان زیاتر ڕوونیە بکەینەوە و لێیان تیَ بگەین

١–**کرداری بۆ هاتن** :(مەبەستم لە بۆ هاتن شایەتی و دان پێدانانی هەستیارەکان نییە کە گۆڕانیان بە سەردادێت هەروەها نە بڕیاری ڕەوشێکە کە خەیاڵ و ئەندێشەدا دەردەچێت بەڵکوو تێگەیشتنە کە ژیری عەقڵ و بێگەرد بە ئاگا پێشکەشمان دەکات بە شێوەیەک گەیشتبێتە ئاستێکی وەها کە زۆر ڕوون وردبێت هیچ گومانێکی لێناکرێت بە واتایەکی تر هەر دەستێگەیشتنی دڵنیاییەک کە ژیرییەکی بێگەرد و بەئاگا بەرهەم

دەهێنێت و تەنها لەژێر ڕۆشنایی ژیردا دەردەچێت )(متی،٢٠٠٢:٥٦)کەواتە مەبەستی دیکارت لە بۆ هاتن ئەوە نییە کە لە تاقیکردنەوەی ئەزموونەوە تێپەڕێت لە هەستەکانەوە وەرگیرابێت، بۆ هاتن ئەوەیە کە لە عەقڵێکی پاک و بێگەردەوە سەرچاوە بگرێت و کەدڵنیایی لێ کراوە گومان هەڵنەگرە وەک یان ئەو یاسا بیرکارییانەی کە یەک کۆ یەک یەکسانە بە دوو ئەمانە دڵنیایی لێ کراون

٢-**کرداری هەڵێنجان**: وە ئەمەش یەکێکە لە تواناکانی ئەقل کە دەتوانێت جۆیی راستی و دروستی دەست نیشان بکات و بەرهەمی بهێنێت دیکارت بەم کردارەی عەقڵ دەڵێت( کردارێکی بیر و هۆشە دەتوانێ لە ڕێگەی هەندێک لە ڕاستەقینە کە لێیانەوە دڵنیاین بە تەواوی دەربێنین)(متی،٢٠٢٢:٥٦) دیکارت چوار بنەمای داناوە بۆ ڕێنمایی کردنی ژیر ئەمەش پاش ئەوە دێ کە ڕەخنە لە لۆجیکی ئەرستۆ دەگرێت بە تایبەتی گوایە هیچ شتێکی نوێ لێبەدەست نایەت دیکارت لەو بڕوایەدا بووە کە کەموکوڕی بە هۆی زۆر و زەبەندی ئەو بنەمایانە دەکەوێتەوە کە ئەمەش لە لۆجیکدا دەردەکەوێت، وەک دیکارت خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت (دەوڵەتێک چاکتر ڕێک دەخرێت و بەڕێوە دەچێت ئەگەر کەمترین ژمارەی قانوونی هەبێت چونکە ئەو کاتە بە ئاسانی قانوونەکانی پەیڕەو دەکرێت)(دیکارت،٢٠٠٥:١٢٦) بۆ ئەوەی بە ئاسانی پەیڕەو بکرێت ،دیکارت دەربارەی میتۆد چوار بنەمای گرینگی داناوە کە ئەمانەن.

**یەکەم- بنەمای دڵنیای بوون:**

(تا بەشێوەیەکی رۆشن نەزانم راستییە،هەرگیز هیچ شتێک وەک راستی قبول نەکەم:واتا تەواو لە هەلەشەیی وگومان دوور بکەومەوە بریارەکانم شتێکی زیاتر لەوانە نەگرێتەوە کەئەوندە بەڕوونی وناوازەوتەریکی بۆ هزرم دێنە پێش و بەدییان دەکەم هیچ بواریک بۆ گومانلیکردن ناهێلینەوە)(دیکارت،٢٠١٥:١١٠)

لێرەدا پشکنینی بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە پێشتر وەک دلنیای وەریگرتون و بریار نەدان لەسەریان بەشێوەیەکی خێرا هەتا بەشێوەیەک بە دلنیای و گومان هەلنەگر بەلایەکدا دەخرێن تەنیا ئەو هزرو بۆچون وبریار دانە بەراست دابنێ و پەسەندیان بکات کەروون وئاشکران گومان لەراستی ودروستیەکەیان ناکرێت

**دووەم-بنەمای شیکردنەوە:**

(دابەشکردنی هەموو ئەو سەختیانەی لێیان دەنۆرم وپشکنینیان بۆ دەکەم بۆ ئەوبەشانەی کەدەشێت بەسەریاندا دابەش بکرێت گرتنەبەری ئەوەی پێویستە بۆ چارە سەریان بەباشترین شێوە)(دیکارت،١١٣:٢٠١٥) ،لێرەدا دیکارت میتۆدەی بیرکاری وئەندازە بۆ گرتنەبەری ئەم ڕێگەیە بەکار دێنێت ،کەواتە ئەو کێشانەی ئالۆز وتەم ومژاوین و مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی تێیان بگات ،دەبێ بە هەنگاوی ڕێک وپێک ببرێنەوە سەر بنەماو بنج وبنەوانیان بابەتەکە تەواو سادە بکەینەوە بۆ ئەوەی زانینێکی روون وئاشکرا بەدەست بێنین هیچ بوارێکی گومانکردن نەمێنێت.

**سێیەم:بنەمای دارِشتن و لێکدان :**

خستنەرێی هزرم بە پێی سیستەمێک، دەسپێکردن لە سادەترین بابەتەکان و ئاسانترینیان بۆ زانین تا وردە وردە پلە بەپلەبەرزدەبێتەوە بۆ زانینی ئاوێتەترینیان بە گریمانەکردنی سیستەمێک تەنانەت لەنێو ئەو شتانەشدا کە بەشێوەیەکی سروشتی بەدوای یەکتردا نایەن)(دیکارت،١١٣:٢٠١٥) ئەم بنەمای پێچەوانەی بنەمای دووەمە لە هەموو رویەکەوە واتا دەستپێکردن لەوەوەی کە سادەو ئاسانە وردە وردە وهەنگاو بەهەنگاو بەرەو چەند شتێک برۆم کە لێکدراون لە چەند شتێک ئینجا ڕێک و پێکی بخەمە نێوانیانەوە.

**چوارەم -بنەمای ئاماری تەواوەتی و پێدا چونەوە:**

دیکارت وای بەپێویست داناوە وگوتوێتی دەبێت (لەهەمووشوێن و بارێکدا سەرژمێرییەکی تەواوەتی وپێداچونەوەیەکی سەرتاپاگیربکەم .بۆ ئەوەی دلنیابم هیچ شتێکم لەبیر نەچووە) (دیکارت،١٢٧:٢٠٠٥) ژماردن وپێداچونەوەیەکی گشتی لەهەموو شوێنێک کە دلنیابم هیچم بەجێ نەهێشتووە لەو کێشەو گرفتەی کەلێی دەکۆلیتەوە پێویستە پێداچونەوەیەکی تێەر تەسەلی بۆ بکەین ئەمەش گرینگە بۆ گەیشتنە زانینێکی راست ودلْنیای لێکراو ( ئەم بنەمایە دواین بنەمای میتۆدەی دیکارتە ،کە دلنیا کردنەوەیە لە سێ بنەماکەی تر لەدوای هەرسێ خالەکە دەبێ هەلسەنگاندنیان بۆ بکرێتەوە،لەوبنەمایەدا میتۆدەی دیکارت دەگاتە خالی پتەو وقایمی خۆی )(حەمەدەمین ،٥٤:٢٠١٧).

**بەشی سێیەم   ساغکردنەوەکان لەڕێگەی گومانەوە**

دیکارت دەیەوێت لە ڕێگەی گومانەوە زانینێکی دڵنیا لێکراو بە دەست بێنێت کە لەسەر بنچینەیەکی پتە و دامەزرابێت بیکات بە خاڵی دەستپێکی کۆششەکەی بۆیە دەڵێت :(ئەگەر ویستمان خۆمان بۆ خوێندنی فەلسەفە تەرخان بکەین بە دووی هەموو ئەو ڕاستییانەدا بگەڕێین کە لە تواناداهەیە مەعریفەیان لە بارەوە پەیدا بکەین سەرەتا پێویستە لەسەرمان بڕیارە پێشینەکانی خۆمان ڕزگار بکەین سوور بین لە سەر ئەوەی کە هەموو ئەو بۆچوونانەی لە سەرەتاوە وەرمانگرتوون وە دەریان بنێین پێویستە بە هەموو ئەو وێنانە دا بچینەوە کە لە زێنماندا هەن و هیچیان بە ڕاست نەزانین)(دیکارت،٢٠١٥:١٧٤)

کەواتە لێرەدا پێویستە هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕابردوو وەرمان گرتووە بخەینە ژێر فلتەری گومانەوە تاکوو زانستەکان لەسەر بناخەیەکی پتەو دابمەزرێنین ،چونکە لە منداڵیدا ئەندازەیەکی زۆر بۆچوونی هەڵەمان وەرگرتووە کە بە ڕاستمان زانیوە بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەر بمانەوێت زانستێکی دڵنیا لێکراو دابمەزرێنین پێویستە سەر لە نوێ دەست پێ بکەینەوە بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە بۆ هەریەکی کەیان هۆیەک لە گومانکردن بدۆزینەوە ،بۆیە دیکارت لە تێڕامانی دووەم دا باسی حاڵی خۆی دەکات و دەڵێت (ئەو تێڕامانەی دوێنێ کردم گومانێکی زۆری خستە دڵم کە نە دەتوانم لەبیریان بکەم وە نە ڕێگەیەکیش بۆ ڕەواندنەوەیان دەدۆزمەوە وەک ئەوەی لەناکاو کەوتبمە ناو ئاوێکی زۆر قووڵ شتەکە زۆر شپرزی کردووم بە شێوەیەک نەدەتوانم پێکانم توند لە سەر زەوی گیر بکەم و نە دەشتوانم بە مەلەکردن بێمە سەر ڕووی ئاوەکە بەڵام توانای خۆم دەخەمە گەڕ بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕێگەیەی دوێنێ گرتمە بەر و خۆم دوور دەگرم لە هەر شتێک کە ئاماژەیەکی گومانی تێدا ببینم هەروەک ئەوەی لە هەڵەبوونی دڵنیابم لەسەر ئەم ڕێگەیە بۆ پێشەوە بەردەوام دەبم تا شتێکی دڵنیایی دەدۆزمەوە ئەگەر ئەوەم بۆ نەلوا لەسەر حاڵی خۆم دەمەوێنمەوە لانیکەم تا دڵنیایی دەزانم لە جیهاندا هیچ شتێکی دڵنیا نییە)(دیکارت،٢٠٢٠:٦٥)ئەو گومان و گومانکردنە گومانکردنێکی وشیارانە کەوتنە ناو قووڵای بیرکردنەوە دوای ئەوەی دیکارت هزر و بیری لەو بۆچوونە پێشینانە پاک دەکاتەوە، ئینجا ئەو پرسیارەی لە لا دروست دەبێت ئایا ئەوەی لە هەستەکانەوە وەری دەگرین

شایەنی ئەوەن بڕوایان پێ بکرێت بۆ نموونە بینایەک لە دوورەوە دەبینین بچووک دێتە پێش چاومان بەڵام هەمان بینا لە نزیکەوە گەورە دەردەکەوێت ،ئایا هەردووکیان هەمان بینانین؟(دیکارت ئاماژەبەوە دەکات،ئەقلانی نیە پیاو باوەربەشتێک بکات پێشتر تووشی گومرای کردبێ لەسەر ئەوە دیکارت چووە سەر ئەو رایەی هەستەکان نابنە وەسیلەی مەعریفەی گەیشتن بە یەقین)(واربرتۆن،٢٠٢٠:١٠٤) کەواتە بۆ مان دەردەکەوێت کە هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن بۆیە ئەو شتەی جارێک فریومان بدات ناکرێ متمانەی پێ بکەین و زانینی لەسەر بنیات بنێین هەست و هاوردەکان نەمانگەیەنێتە ڕاستییەکی دڵنیا لێکراو و زانینێکی ڕاستەقینەمان پێ نابەخشێ بۆیە جێگەی بڕواهێنان نین ناکرێت بکرێن بە بنەمایەک و پشتی پێ ببەسترێ ، چونکە ئەگەر و گومان هەڵدەگرن هەروەها و زانیارییانەی کە هەستەکان و داتاکانەوە پێمان دەگەن بە پێی هەلومەرجەکان و شوێن دەگۆڕێ بەڵام زانینی دڵنیا لێکراو ئەوەیە کە بە پێی هەلومەرجەکان نەگۆڕێت و جێگیر بێت ،بۆیە هەر شتێک جارێک بە هەڵەی بردی نابێت متمانەی پێ بکەین و دواتر گومان پەرە دەسێنێت و بەرەو بیرکردنەوەی قووڵتەر دەچێت و بۆیە ئەوەی ئێستا وەرمانگرتوون لە ڕێگەی هەستەکانەوە بووە کەواتە ئەوەی کە دەبینین ڕاستە ؟ دیکارت دەڵێت (کاتێک لەسەر ئەم حالەتانە دەوەستم زۆر بەڕوونیدەبینم کە  هیچ نیشانەیەکی دلنیا نیە کبتوانین خەولەرێیانەوە بەوردی بێداری وخەو لێک جیا بکەینەوە بەوە زۆر دەحەپەسێم، سەر سورمانەکەم هێندە گەورەیە خەریکە بگەمە قەناعەت کە خەوتووم)(دیکارت،٢٠٢٠:٥٣)ئایا ئەوەی هەیە لەوەیە تەنها خەونێک بێت زۆر جار لە خەودا لێرە لەبەر ئاگردان دانیشتووم بەڵام کەچی لە ڕاستیدا لەناو جێگاکەمدا خەوتووم بۆیە ئایا ئەوەی لە خەون دەیبینین هەمان ئەوە نییە کە لە بەخەبەر بوون دا هەیە وە دەیکەین؟ بۆیە من مرۆڤم و عادەتم وایە دەخەوم و هەمان ئەو شتانە دەبینم کە لە بێداریدا دەبینم و وە هیچ بەڵگەیک نییە بۆ جیاکردنەوەی خەونە بێداری کێ دەزانێ بەڵکوو خودایەکی باڵا دەست هەبێ نە جەستە و نە شوێن و نە شێوەی دروست نەکردبێ (بەڵام من ئەگەر بەخەبەر بم یاخود لە خەو دا بم دوو سێ کۆبکەمەوە هەر دەکاتە پێنج یان چوار گۆشە هەرگیز لە چوار لاپتر نییە)(سیوەیلی،٢٠٠٩:٦٥) بەڵام ئایا دەبێت هزرێک لە سەر ئێمەوە کە شەیتانێک بێت و فریومان بدات ئێمە بێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ڕستە ماتماتیکییەکان ڕاستن و ئێمە

بڕوامان پێکردبێت لە کاتێکدا کە بە ڕاستی ئەو ڕستانە هەڵەبن و کۆی سێو دوو نەکاتە پێنج شتێک بخاتە زەینمانەوە کە پێچەوانە بێت بۆیە دیکارت گومان لە هەموو شتێک دەکات ، واتە گومانێکی سەرتاپایەگیر کەواتە هیچ شتێک نییە کە لە ڕابردوو بە ڕاستمان دانابێت نەتوانم گومانی لێ بکەم ،بەڵام ئەگەر گومان لە هەموو شتێک بکەین ناتوانین گومان لەوە بکەین کە گومان دەکات ئەم گومانکردنە پێویستی بە دەروونێک هەیە کە گومان بکات گومانکردنەکە پێویستی بە گومانکار هەیە بۆیە من پێشتر نکۆڵیم لەوە کرد نەفس یان جەستە ئەوانە ڕاست بن بەڵام ئەوە ئەوە ناخوازێت من هیچ نەبم بەڵکوو دەکرێت بەبێ هەست یان جەستە هەبم چونکە کاتێک بیرم لە بابەتێک کردەوە شت بوو، بەڵام لەوانەیە شەیتانێک هەبێت دەست لە فریودانم هەڵنەگرێت بەڵام چەند دەیەوێت با فریوم بدا ئەو ئەگەر من فریو بدات مانای وایە من شتێکم لێرە دا ئەوەی لێدەکەوێتەوە (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)(دیکارت،٢٠١٥:٧٣) دیکار ت بەم جۆرە مەبەستی خۆی ڕوون دەکاتەوە دەڵێت (لەمەوبەر قەناعەتم بە خۆم کرد لەو جیهانەدا هیچ شتێک بوونێک نییە نە ئاسمان نە زەوی نە جەوهەری بیرکەرەوە نە لەش کەوا بوو ئایا من خۆشم هەر وا نیم هەرگیز نەخێر بە دڵنیاییەوە من هەبوون بووم کە قەناعەتم بەخۆم کردبوو بەڵام یەکێک هەیە بەڵام نازانم لوانەیە  تەفرەدەرێکی بەهێز و بێ سنوور ئەوپەڕی فێڵبازە هەمیشە بە ئەنقەست من هەڵدەخەڵەتێنێ ئێستا کە ئەو بەفریوم بەرێت هیچ ئەگەر و گومانێک نامێنێت کە من هەم ئەوەندەی لە دەستی بێت تەفرەم دەدات بەڵام ئەو هەرگیز ناتوانێت بە لایەکی دابخات کە من هیچ نیم مادام من بیر دەکەمەوە و من شتێکم ئیتر بەو پێیە من دەگەمە ئەو بڕیارە و ئەنجامە پاش ئەوەی پتر لە پێویست ورد و قووڵ بوومەوە ئەو ڕستەیە هەر کاتێک دەرمبری یان بەهزرو و بیردا هات من هەم من بوونەوەرم بە ناچاری ڕاستە)(عزیز٢٠١١:٨٧) بەم شێوەیە کاتێک دیکار گومانی لە هەموو شتێک کرد بەڵام ئەو ئاگادار بووە گومانکردنەکەی پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی بیرکردنەوەش بەبێ خودێک ناکرێت کەواتە لێرەدا دەگاتە بنەمایەکی دڵنیای لێکراو ،کە هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێت ئەویش کۆچیتۆکەی دیکارتە (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم )کەواتە گومانکردن دەبێتە هۆی سەلماندنی خودێک کە بیر دەکاتەوە و دەهەزرێت.

دیکارت لەسەر  بنەمایەکی پتە و فەلسەفەکەی لەسەر بنیات دەنێت ، دیکارت بە دەستەواژەی من  بیر

دەکەمەوە کەواتە من هەم )بەناوبانگە بەڵام دەستەواژە بنچینەیەکەی یەکسەر پێش ئەو دەستەواژەیە دەکەوێت بریتییە لە (من گومان دەکەم کەواتە من بیر دەکەمەوە)(ناشید،١٢٥:٢٠٢٢) کەواتە گومانکردن پێشمەرجی بیرکردنەوەیە چونکە جگەلەگومانکردن هیچ ئاماژەیەک بۆ بیرکردنەوە نییە بۆیە پاکردنەوەی مێشک لە هەموو بیروڕاکانی پێشوو گرنگە بۆ دەست کردن بە بیرکردنەوە بیرکردنەوە مانای ئەوەیە لە سفرەوە دەست پێ بکەین و سل لەوە نەکەینەوە بگەینە هیچ، هەر بۆیە دیکارت ئەم بنەمایەی ساغکردنەوەی بوونی خود دادەنێت و دەیکاتە خاڵێکی دڵنیایی لێکراو جێگیر دواتر بوونی خوداو جیهانی دەوروبەری پێساغ دەکاتەوە، ئەوەی تائەمساتە زانیومە ئەوەیە من شتێکی بیر کەرەوەم ئێستا هەوڵ دەدەم کایەی زانین فراوان بکەم، ئەی مەرجیئەو دڵنیایی و نیشانەی ئەو زانینە ڕاستە چییە؟هەر بیرۆکەیەک وەک من بیر دەکەمەوە ڕوون و ئاشکراو گومان هەڵنەگر بێت بوونی هەیە ئەگەر وردتر سەرەنجیان بدەم دەگەمە ئەو بڕوایەی کە زۆر شتم لەوپەڕی بەرچاوڕوونی دانابوو دواتر بۆم دەرکەوت جێگەی گومان لێکردنن ،کۆمەڵێک بیرۆکە لە مێشکی مندا هەیە کە لە هەستەکانەوە وەرم نەگرتووە یاخود بە خەیاڵ چونکە دەتوانم لێیان زیاد بکەم و لێیان کەم بکەم ،هەمیشە لە هۆکاردا ئەنجامێک دەکەوێتەوە ناکرێت بگوترێت ئەم بوونە شتێک نییە لە مێشکمدا بیرۆکەیەکی ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بە خودا هەیە ناکرێ ئەو بیرۆکە کامڵە سەرچاوەکەی عەقڵی ئێمە بێ ،چونکە ئێمە نا کامڵین چونکە ئێمە بە هەڵەدا دەچین و گومان دەکەین کەواتە گومانکردن و بەهەڵەداچوون ناکاملی ئێمە دەسەلمێنێت ،دیکارت دەڵێت :(چونکە من خۆم جەوهەرم بەڵام ئەو جەوهەرە بێ کۆتایی نییە چونکە خۆم کۆتایی و سنووردارم بۆیە دەبێت ئەمە لە جەوهەرێکەوە کە بە ڕاستی بێکۆتا بێ کەوتبێتەوە )(دیکارت،٧٣:٢٠١٦)کەواتە دەبێ بۆ نەورێکی بێسنوور و بێکۆتایی ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی مندا دانابێت چەمکی بێ کۆتایی پێش کۆتایی دەکەوێت کەواتە خودا پێشبوونی منە، ئەگەر خۆم هۆکاری بوونی خۆم بوومایە ئەوە گومانم نەدەکرد و حەز و ئارەزووشم نەدەبوو هەموو تەواوەتیەکم بە خۆم دەبەخشی (من بونەوەرێکی ناتەواوناکاملم بەلام لە ناخمدا بیرێکم هەیە دەربارەی بونەوەرێکی تەواو کامل من هۆی پەیدابوونی ئەم بیرەکاملە نیم چونکە من کامل نیم بۆیە دەبێ رەبێک هەبێ کەکاملەو هۆی هۆی پەیدا بوونی

ئەم بیرە کاملەیە)(عەزیز،٢٠٠٩:١١٤) کەواتە دیکارت سەرەتا بوونی خۆی دەسەلمێنێت ئەنجا بوونی خودا بە واتایەکی تر کاتێک بوونی خودی بیرکەرەوە دەسەلمێنێت لە ناو مێشکی ئەو خودە بیرۆکەی خودا ڕوون و ئاشکراو بەڵگەنەویست هەیە ،لەنێو ئەو بیرۆکانە بیرۆکەی بوونەوەرێکی تەواو کامل هەیە ئەویش خودایەکە دەسەڵاتی لەرادە بەدەر و بێ سنوورە ئەمەش ناکرێ سەرچاوەکەی ئەو بیرۆکەیە ئێمە بین چونکە توانای زانینی ئێمە سنووردارە هەروەها ناکاملین کەواتە ئەو بیرۆکەیە کاملە خودایە ،دیکارت بەم شێوەیە بوونی خودا دەسەلمێنێت ،کەواتە ئەگەر من گەوهەرێکی بیرکەرەوە بم خودا هۆکاری بوونی من بێت ئەی کەواتە جیهانی دەوروبەرمان چی خەسلەت و تایبەتمەندیەکی دەبێت کەواتە خودا دەتوانێ هەموو ئەو شتانە خەڵک بکات کە بە ڕۆشنی تێیان دەگەم بەڵام من ئەو شتانە هەڵدەوەشێنمەوە کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەرمگرتوون، لەو بنچینەدا ورد دەبمەوە کە متمانەم پێیان دەبەست پاشان بە دوای ئەو هۆیانەدا دەگەڕێن کە ناچاریان کردم گومانیان بخەمە سەر هەر کاتێک هەست بە دڵخۆشی یان تووڕەیی دەکەین یان ئەو سیفەتانەی دەکەونە بەرهەست و بەرکەوتن وەک گەرمی و ڕەقی بەڵام ئایا ئەمانە ڕێگەی هەستەکانەوە بە ئێمە دەگات و دەیانزانین یاخود بەو شێوەیە نییە کە وێنای دەکەین ،بەڵکوو هۆکارەکەی لە زەین وعەقڵ و هزری ئێمەیە با سەرنجت لەو بابەتانە بدەین کە بە پێی بۆچوونی باوهەموو کەسێک بە ڕوونی تێیان دەگات و پێیان پێدەبات، ئەو شتانەی دەستیان لێ دێن و دەیانبینین ،بەڵام نەک شتە گشتییەکان چونکە ئەو چەمکە گشتین و پتر تەم و مژاوی و سەر لێ تێکەرن با شتێکی دیاریکراو وەربگرین و لێی وردبینەوە بۆ نموونە (ئەو پارچە مێوە کە تۆزێک پێشتر لە شانەی هەنگوینەکە کراوەتەوە شیرینی هەنگوینەکەی هەر تێدا ماوە بۆ نەخۆشەکەی ئەو گوڵانەی لێیان وەرگیراوە هەر تێیدا ماوە ڕەنگ و ڕوخسار و قەوارەکەی لەبەر چاوە ڕەقە سارده بە ئاسانی دەکرێت دەستی لێ بدرێت ئەگەر بە پەنجا بتیلێ بدرێ دەنگی دێ بە کورتی هەموو ئەوانەی تێدایە کە بۆ باشناسینی شتێک پێویستن بەڵام تەماشا بکە کاتێک کەوا قسە دەکەم و لە ئاگرەکە نزیکی دەکەمەوە ئەو تامەی هەیبوو نایمێنێ بۆنەکەی بزر دەبێت ڕەنگەکەی دەگۆڕێت قەوارەکەی گەورەتر دەبێت. شل و گەرم دەبێ بە ئاستەم نەبێت مرۆڤ ناتوانێت دەستی لێ بدا ،ئەگەر پتی لێ بدەی دەنگی نایە ،ئایا

ئەوەی ماوەتەوە دوای گەرم کردنەکەی هەر میوەکەی جارانە ؟دەبێ پێی لێ بنرێ کە مێوەکە خۆی دەمێنێتەوە کەس ناتوانێت لاری لەوە هەبێت )(عزیز،١١٩:٢٠١٦)کەواتە هەر مێوەکەی جارانە بەلام فۆرمی دەرەکی گۆڕاوە،بەلام ئەوەی لێرەدا شایانی سەرنجدانە ئەوەیە کە گەرچی پێشتر وا بە خەیاڵدا دەهات لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە دەست لێدان و بینین لە شتەکان تێدەگەین و دەناسین، بەلام نەخێر ئەوە نیگایە کە لە نیگاکانی زەین ،کەواتە بۆمان ڕوون بووەوە تەنەکان و شتەکانی دەوروبەر خۆیان بە هەستەکان یان هێزی خەیاڵکردن ناناسرێن بەڵکوو تەنها بە زەین و هزر دەناسرێن هەروەها لەبەر ئەوە نا کە شوێنیان هەیە و دەبیندرێن و دەستیان لێدەدرێت بەڵکوو لە ڕێگەی هیزر و عەقڵەوە، ئێمە لەو شتانە دەگەین و تێیان دەگەین ،کەواتە دیکارت لە ڕێگەی گومانکردنەوە خودی خۆی وەک بیرکەرەوەیەک سەلماند و دواتر لەو بنەمایەوە خودای سەلماند و ئینجا بوونی جیهانی سەلماند.

**تەوەری دوو :کاریگەری دیکارت**

دیکارت کاری گەریەکی بەرچاوی هەبوو لە سەردەمەکەی خۆی و دوای خۆشی توانی کاریگەری دابنێت کە بووە هۆی درست بوونی رێبازی ژیرەکی (rationalism ) (گرینگترین قۆناغی ئەم قوتابخانەیە سەدەی حەڤدەوهەژدەبووە.گەورەترین نوێنەرەکانیشی جگە لە دیکارت ،بریتی بوون لە سپینۆزاو لایبنیز. تائێستا کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر فەلسەفەی ولاتانی رۆژئاوا هەر ماوە )(ماگی ،١٦٢:٢٠١٠) لێرەوە دەبینین کە فەیلە سوفانی لەسەر میتۆدەی دیکارت ژیریان بەکار هێناوە بۆ دلنیا بوونەوەو گەیشتن بە زانین تەنانە تاکوو ئێستاش کاریگەری هەیە (زۆر شتی لە بواری بیرکردنەوەی رۆژئاوە کردە بناخە .بۆ چوونەکەی کە دەلێت، دۆزینەوەی لۆژیکیانە ی زانستەکان واپێویست دەکات سەرەتا لە وراستیانەوە هەنگاو بنێین کە گومان هەلنەگرن دواتر پلە بە پلە بەپێی لۆجیک بگەینە زنجیرەی دەرئەنجامە کۆتاییە کان ئەم بۆچونە ی لە بیرکردنەوەی رۆژئاوایەکاییدا ، سەبارەت بە زانستە سروشتیەکان بوو بە کۆلەکەی بەهێز)
(ماگی،١٦٣:٢٠١٠)بەلام دیکارتیش بێبەش نەبووە لە رەخنەو هەر دژی رێبازی ژیرەکی رێبازێکی تر لە سەرهەلدەدات کە بە ئەزمونگەرای بەریتانیای ناودەبرێت  کە کۆمەلە فەیلە سوفێک بوون کە پشت بە ئەزموون دەبەستن (بۆ نموونە،لۆک بە پێچەوانەی بۆ چونی هزرمەندانی دیکە ، ئەنجامگیری کرد  پێداگری لەسەر ئەو خالە دەکرد کە مرۆڤەکان لەکاتی لە دایک بوونیاندا هیچ جۆرە زانیارییەکی پێشوەخت ، یا ئەزەلیات لە زەیندا نیە ،هیچ دۆزیینەوەیەکی خوایش نیە ،واتە مرۆڤەکان لەناخەوە ، نە چاکن نە خراپن . بەپێچەوانەوە،زەینی مرۆڤ وەک وتابلۆیەکی شپییە .خەلک لە رۆژی لە دایک بوونەوە لەرێگەی پێنج هەستەکەوە،زانیاری لەدنیای دەرەوە وەردەگرێ .هەر شتێک کە مرۆڤەکان دەزانن لەرێگەی ئەزموونەوە بەدەستهاتووە. ئەزمونگەریەکی دیکەی ئینگلیز بەناوی (جۆرج بارکلی ) کە ئوسقوفی (ئەنگلیکەن) بوو لە ئایلەندا تەنانەت لە لۆکیچ زیاتر چووە پێشێ ئەو باوەری خۆی بەوە دەربری کەوا زەینی مرۆڤ لەراستیدا هیچ شتێک لەدەوروبەرەوە بەدەست ناهێنێت ،هەموو ئەوەی کە بەراستی زەینی مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامی بدات ،تێگەیشتنی دەستکەوتە

زەینیەکانیەتی لە دنیا ی دەرەوە ،نەک خودی شتە کان ،دەیڤد هیۆم ،فەیلەسوفی سکۆتلەندی رایگەیاند کە زەین تەنیا وەک ئامرازێک بوونی هەیە کە هەست وتێگەیشتنە زوو تێپەرەکانی تاقیدەکاتەوە(دان :٢٤)

**ئەنجام**

وەک دەزانین لە کۆتای هەموو توێژینەوەیکدا دەگەینە چەند ئەنجامێک لێرە دا بە پوختی ئاماژەی بۆ دەکەین

١- بیرکردنەوە دەکاتە پێوەری بوونی خۆی چەونکە گومان گرینگترین ئامرازی بیرکردنەوەیە «من بیر دەمەوە کەواتە من هەم ».

٢-ئەو گومانەی کە دیکارت بەکاری هێناوە جیاواز بووە لە گومانکارەکانی پێش خۆی و توانیویەتی گومانکردن وەک و میتۆد و رێگاو رێبازێک بەکار بێنێت بۆ پاکردنەوەی هزر و بیری لە بۆچونی پێشوو لەو رێگایەوە بگاتە دلنیای.

٣-توانیویەتی لە رێگای ئەو میتۆدەوە ئەقل بکاتە پێوەری هەموو زانینەکانی بۆیەش دواتر بووە رێبازیکی ئەقلانی، ٤-کەواتە ئەو میتۆدەی دیکارت بەکاری هێناوە رێگایەکە بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی چونکە ئێمە لەو رێگایەوە دەتوانین ببینە خاوەنی بیرردنەوەی خۆمان و هزری هەلەو چەوت لە خۆمان دوور بخەینەوە کەواتە ئەستەمە بەبێ بەکار هێنانی میتۆدی گومان بتوانین فەلسەفاندن بکەین.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


١-دیکارت،رێنی،٢٠١٥،باسی میتۆد،و.هاوژینی مەلا ئەمین -هۆشمەند جەلال،ناوەندی رۆشنگەری سلێمانی

٢-دیکارت ،رێنی ،٢٠٢٠،تێرامانەکان لەفەلسەفەی یەکەم،و.عومەر علی غەفوور،چاپخانەی تاران

٣-دیکارت ،رێنی،٢٠١٦،سێ تێکستی فەلسەفی ،و.حەمید عزیز،دەزگای فێربوون،هەولێر

٤-دیکارت ،رێنی،٢٠١٥،بنەرەتەکانی فەلسوفە ،و.حەمید عزیز،،دەزگای فێربوون ،هەولێر

٥-دیکارت،رێنی ،٢٠٠٥،چەند ووردبونەوەیەک لەبارەی میتافیزیکاوە،و.دحەمید عزیز،چابخانەی حەمدی ، سلێمانی

٦-دیکارت،رێنی،٢٠١٥،بنەماکانی فەلسەفە،و.شاهۆ عوسمان ،ناوەندی رۆشنگەری

٧-جەلال،کاوە،٢٠٠٨،رێنی دیکارت ، چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی

٨-عزیز،حمید،٢٠١٤،میتافیزیکا لەجیهان دیدی دیکارت،،دەزگای رامان

٩-سیوەیلی،رێبوار،٢٠٠٩،دیکارت و ئەقلانیەت،چابخانەی هاوسەر،هەولێر

١٠-جەباری ، حسن ،حسێن،٢٠٢٢،دەروازەیەک بۆ تیۆری زانینی،بەرێوبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان

١١-عزیز،حەمید،٢٠١٦،تیۆری زانینی زانستیانە،دەزگای ئایدیا

١٢-ناشد،سەعید،٢٠٢٢،فەلسەفە وەک دەرمان، دەزگاو پەخشی سەردەم

١٣-کۆربین،هێنری، ٢٠١٨،مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی،و.عومەر عەلی غەفوور،دەزگای جەمال عیرفان

١٤-میهرەین،میهرداد،٢٠٢٢،قوتابخانە فەلسەفیەکان، و.سیدۆ داود عەلی،چاپ وپەخشی رێنما

١٥-سالح،هاشم،٢٠١٧،شەری رۆشنگەران وفەیمەنیستالەکان لە ئەوروپا،چاپخانەی کارۆ-سلێمانی

١٦-جان ،او،دان سەردەمی رۆشنگەری ،و.هەژار رەحیمی،دەزگای موکریان

١٧-عزیز،حمید،٢٠١١،فەلسەفەی نوي لە ئەوروپا،چابخانەی رۆژهەلات -هەولێر

١٨-قەزاز،ئازاد،٢٠١٠مرۆڤ وێلی حەقیقەتە،چابخانەی چوارچرا

١٩-کەرەم ،یوسف،٢٠٢١،مێژووی فەلسەفەی یۆنان،وعومەر عەلی خفور

٢٠-عزیز،حمید،٢٠٠٨،فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان،چابخانەی رۆژهەلات-هەولێر

٢١-عزیز ، حمید ٢٠١١،فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراست لە ئەوروپا،

٢٢-کلاین دانێل،مارتن،٢٠٢٠،هەرجارێک لە واتای ژیان گەیشتم گۆریان،و.سەروەر عومەر،خانەی رێنما

٢٣-واربرتۆن،نایگل،٢٠٢٠،کورتەیەک لە مێژووی فەلسەفە،و.سەربەست جیهاد،ناوەندی ئاوێر -هەولێر

٢٤-عزیزحید،٢٠١٦،میتافیزیکا رەهەند و ئاسۆ،ناوەندی ئاوێر -هەولێر

٢٥-عبدلجبار،د،نبیل،عبدالحمید،٢٠١٠،فەلسەفە بۆ ئەوکەسەی دەیەوێت،و.هاوار محمد شوانی ،چاپی یەکەم ،چابخانەی رۆژهەلات-هەولێر

٢٦-ماگی ،برایان،٢٠١٠،مێژووی فەلسە،و.عوسمان حەمە رەشید گورووون

٢٧- مەلا حمدامین، هەژان ٢٠١٧ نامەی ماستەر ڕەهەندی میتافیزیکی کۆجیتۆی دیکارت

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١-الغزالی،المنقذ من ظلال،مجموعه رسائل،مکتبه التوفیقیه(د.ت)

٢-نبیل،عبدلحمید،عبدلجبار،٢٠١٣،محطاط الفلسفیه

٣-کریم ،متی،٢٠٠١،الفلسفیه الحدیثه،عرظی نقدی الدارکتاب الحدید المتحده ،بیروت ،الطبعه الثانیه.

# Descartes' Method of Doubt in Philosophy

## Research project

Submitted to the department of (philosophy) in partial fullfillment

of the requirement for the degree B.A

By:

Kaiwan Omer

Supervised by:

T. Hazhan Mala Hamadameen

**2023 – 2024**